وەرژنی ١.٠ (فێوریيەی ٢٠٢١)

## یاساکانی غایب بوون، مۆڵەت و پشوودان لە بەرنامەی سەرەتاییدا (introduksjonsprogrammet)

غایب بوون لە بەرنامەی سەرەتاییدا بە زۆربەوەک ئەو یاسایانە دەچێت کە بۆ ژیانی کاری پەسند کراون. چاوپۆشێک ئەمەیە کە تۆ ناتوانی بە شێوەی دابەش/نیوە مۆڵەتی نەخۆشیت (sykemeldt) هەبێ. سەبارەت بە یاساکانی پێوەندیدار بە مۆڵەت یاسای تایبە بە خۆی بۆ بەشداربووانی بەرنامەی سەرەتایی دیاریکراوە کە هێندێک جیاوازە لە یاساکانی پێوەندیدار بە ژیانی کار کردن.

ئەگەر نەخۆش کەوتی دەبێ بە شارەوانی، مامۆستا یا شوێنی فێربوونی کارت بە زووترین کات ڕابگەیەنی کە ناتوانی بچیتەوە بۆ بەرنامەی سەرەتایی. لە کاتی غایب بوونی پەسندکراودا مافی وەرگرتنی یارمەتیماڵی بەرنامەی سەرەتاییت هەر دەبێ. ئەگەر لە شێوازی خۆڕاگەیاندن (egenmelding) کەڵک وەرنەگری، و نەتوانی غایب بوونەکەت بە نووسینی دوکتۆر بسلەمێنی یان مۆڵەتت پێنەدرابێت، بە بڕی ئەو کاتژمێرانە یان ڕۆژانەی کە غایب بووی پارەت لە یارمەتێکەت کەم دەکرێتەوە. ئەمە بە غایب بوونێکی نەسەمێندراو یان بێ‌بەڵگە حیسابی بۆدەکرێت. غایب بوونی بێ‌بەڵگە یان نایاسایی دەبێتە هۆی ئەمە کە تۆ مافی بەشداربوون لە بەرنامەی سەرەتایی لەکیس بدەی و یارمەتی ماڵی بەرنامەی سەرەتایی لەدەست بدەی.

## نەخۆشی

بە پێی خۆڕاگەیاندن (egenmelding) یان مۆڵەتی پزیشکی (legeerklæring) دەتوانی لە بەرنامەی سەرەتایی غایب بی ئەگەر نەخۆشی یان پەتاکە بەرگری بکات لە بەشدار بوونت. بۆ کەڵک وەرگرتن لە خۆڕاگەیاندن (egenmelding) دەبێ بە شێوەی نووسین یان زارەکی بە شارەوانی، ناوەندی بەرنامەی سەرەتایی، ڕاوێژکاری بەرنامە یان مامۆستاکەت ڕابگەیەنی کە نەخۆشی.

• کاتێک کە بەشدار بووی لە بەرنامەی سەرەتایی پاش ٨ هەفتە بۆ یەکەم جار دەتوانی کە لە مافی خۆڕاگەیاندن (egenmelding) کەڵک وەربگری. لە ٨ حەفتەی یەکەمدا ئەگەر بە هۆی نەخۆشی نەتوانی بەشدار بی لە بەرنامەکەدا دەبێ مۆڵەتی پزیشکی (legeerklæring) وەربگری و پێشکەشی بکەیت.

• تۆ بۆت هەیە لە ماوەی ١٢ مانگدا ٤ جاران کەڵک لە مافی خۆڕاگەیاندن (egenmelding) وەربگری. هەر خۆڕاگەیاندنێک دەتوانێ بۆ ٣ ڕۆژان بەسەر یەکەوە بەکار بهێنرێت.

• ئەگەر زیاتر لە ٣ ڕۆژان نەخۆش بووی دەبێ مۆڵەتی پزیشکی پێشکەش بکەیت. هەروەتر لە ماوەی ١٢ مانگدا پاش ئەوەی لە هەر ٤ جار مافی خۆڕاگەیاندنت کەڵک وەرگرت دەبێ مۆڵەتی پزیشکیت هەبێ.

ئەگەر یەک یان دوو منالّت هەیە، کاتی نەخۆشی منالّەکەت مافی ئەمەت هەیە کە لە ماوەی ١٢ مانگدا ١٠ ڕۆژان لە ماڵێ بمێنیتەوە.

ئەگەر زیاتر لە دوو منالّت هەیە، بە هۆی نەخۆشی منالّەوە مافی ئەوەت هەیە لە ماوەی ١٢ مانگدا ١٥ ڕۆژان بەشداری بەرنامەکە نەبی.

ئەگەر بە تەنیا ئەرکی سەرپەرشتیاری منالّت لەسەر شانە، مافی ٢٠ ڕۆژ غایب بوونت هەیە ئەگەر یەک یان دوو منالّت هەبێ و ئەگەر منالّی زۆرتر هەبێ مافی٣٠ ڕۆژانت هەیە.

ئەگەر منالّێکت هەیە کە نەخۆشێکی قورسی هەیە یان ئاستی تواناییەکانی لە ئاستێکی نزم دایە و ئەم دەبێتە هۆکارێک بۆ بەرز بوونەوەی مەترسی بۆ غایب بوون لە بەرنامەی سەرەتایی، مافی ٢٠ ڕۆژان هەیە کە بەشدار نەبی لە بەرنامەکە لە ماوەی ١٢ مانگدا. ئەگەر بە تەنیا ئەرکی سەرپەرستی منالّەکەت هەیە، دەتوانی داوا بکەیت ئەم مافە بۆ ٤٠ ڕۆژان زیاد بکرێت.

هەروەتر هەموو بەشداربوویەک وەک سەرپەرستێکی تەنیا بۆ منالّێک حیسابی بۆ دەکرێ ئەگەر بێتوو یەکێک لە دایکوباوکەی‌تر بە هۆی نەخۆشی ئاستی هەڵسوکەوتی دابەزیبێ یا لە نەخۆشخانە کەوتبێ یان لەم هۆکارانە و بەو هۆیەوە نەتوانێ بە شێوەیەکی گونجاو چاوەدێری لە منالّەکەی بکات.

هەروەتر ئەم یاسایانە ئەمەش لەخۆ دەگرێت ئەگەر بێتوو چاودێری منداڵیش نەخۆش بێت.

ئەگەر نەخۆشێکەت زۆرتر لە ٣ ڕۆژان بخایەنێت، شارەوانی دەتوانێ داوا بکات کە تۆ بە مۆڵەتی پزیشکی نەخۆشی منداڵەکە یان خود نەخۆشی چاودیری منداڵەکە بسلمێنی.

پشوو لە بەرنامەی سەرەتایی

*پشوو لە ڕابیتە دەگەڵ دەورانی دووگیانیدا*

ئەگەر دووگیانی مافی ئەوەت هەیە کە لە ڕابیتە دەگەڵ پشکنینی دووگیانیدا کاتێک کە ناکرێ لە کاتێکی دەرەوەی کاتەکانی بەرنامەی سەرەتایی پشکنینەکە بەڕێوە بچێ، بەشدار نەبی لە بەرنامەی سەرەتایی (introduksjonsprogram) و هاوکات مووچەی بەرنامەکەش هەر وەربگری. لە کاتی دەورانی دووگیانیدا مافیت هەیە کە بۆ ماوەی تا ١٠ ڕۆژان بە وەرگرتنی مووچەی بەرنامەکەوە بەشدار نەبی لە بەرنامەی سەرەتاییدا.

*شیردان بە منداڵ*

ئەگەر تۆ شیر بە منداڵ ئەدەیت، مافی ئەمەت هەیە کە شەش مانگی یەکەمی ژیانی منداڵەکەدا بە وەرگرتنی مووچەوە ڕۆژێ یەک سەعات لە بەرنامەی سەرەتایی پشوو وەربگری.

**مۆڵەت بە بێ مووچەی بەرنامەی سەرەتایی لە کاتی منداڵبوون یان منداڵ لە خۆگرتن**

پاش منداڵبوون دایکـوباوک وەک بەشدار لە بەرنامەی سەرەتایی مافی ئەمەیان هەیە کە بەیەکەوە تاکوو ١٠ مانگ لە شەش مانگی یەکەمی ژیانی منداڵەکەیاندا پشوو وەربگرن.

شارەوانی دەبێ بەدواداچوون و فێرکردنی زمان نۆرویژی یان ڕاهێنانی زمان پێشکەش بە تۆ بکات ئەگەر تۆ لە پاش منداڵبوون یان منداڵ لە خۆگرتن لە پشووی ئەرکی سەرپەرستی منداڵ دابی. ئەم پێشنیارە لە لایەن شارەوانیەوە دەبێ لە مانگی چوارەمی کاتی پشووکەوە بێت و دەگەڵ بارودۆخی تۆ بگونجێ.

لە کاتی منداڵ لە خۆگرتن (adopsjon) ئەو دایکـوباوکەی کە منداڵەکە بەخێو دەکەن و بەشدارن لە بەرنامەی سەرەتاییدا بەیەکەوە مافی ١٠ مانگیان پشووی ئەرکی سەرپەرستی منداڵ هەی، ئەگەر تەمەنی منداڵەکە لە ژێر ١٥ ساڵ بێت.

ئەگەر هەر دوو دایکـوباوک بەشدارن لە بەرنامەی سەرەتایی، ٧٥ ڕۆژ بابەتی پشووی سەرپەرستی منداڵ بۆ باوک تەرخان دەکرێت و ٧٥ ڕۆژیش بۆ دایک تەرخان دەکرێت. ئەگەر بێتوو باوکەکە لە ڕۆژانی پشووی ئەرکی سەرپەرستی خۆی کەڵک وەرنەگرێت، ئەم مافە دەفەوتێت. دەکرێ چاوپۆشی لەم یاسایە بکرێت ئەگەر باوک بە هۆی نەخۆشی یان زیانێک بە تەواوی پێویستی بە یارمەتیە بۆ چاودێری منداڵ یان لە نەخۆشخانە خەوتووە. ئەمە دەبێ بە مۆڵەتی پزیشکی پشتراست بکرێتەوە.

**مۆلەتی پشوودان**

دەتوانی داواکاری پێشکەش بە شارەوانی بکەیت بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی ئاسایش (velferdspermisjon) ئەگەر تۆ بۆ وێنە دەچی بۆ لای دوکتۆر، دوکتۆری دان، گفتگۆی کار یا هەر هۆیەکیتر. هەروەتر ئەو کاتەی کە منداڵ دەست دەکات بە چوونەوە بۆ باخچەی منداڵان یان قوتابخانە، کاتی مردنی یەکێک لە نزیکەکانی بنەماڵە و هتد دەتوانی داواکاری مۆڵەتی ئاسایش پێشکەش بکەیت. زانیاری زۆرتر سەبارەت بەمە دەتوانی لە ڕاوێژکاری بەرنامەکە وەربگری.

بە هۆی مۆڵەتی پزیشکیەوە مافت هەیە داوای مۆڵەتی پشوو بکەیت لە بەرنامەی سەرەتایی ئەگەر خۆت یان منداڵەکەت تووشی نەخۆشی درێژخایەن بۆت. دەتوانی مۆڵەتی پشوو بە بێ مووچە بۆ ماوەی تا یەک ساڵ وەربگری.

**ڕۆژانی پشوو و ڕۆژانی پشووی فەرمی**

هەموو لایەکی بەشدار لە بەرنامەی سەرەتایی ڕۆژانی شەممۆ و یەکشەممۆ پشوویان هەیە.

ئەم ڕۆژانە لە وڵاتی نۆرویژ ڕۆژانی پشووی فەرمین و بەشداربووان پشوویان هەیە: رۆژی ١ و ١٧ی مانگی مای، ڕۆژی ١ی ساڵی نوێ، پێنجشەممۆ هەفتەی دەرد و ئازاری عیسا مەسیح (skjæretorsdag)، هەینی درێژخایەن (langfredag)، ڕۆژی ٢ی جێژنی پاک، ڕۆژی عرووج، ڕۆژی ٢ی جێژنی پەنجا (2. pinsedag) و ڕۆژەکانی ١ و ٢ی جێژنی کریسمەس.

ئەگەر تۆ ڕۆژێکیتری ئایینیت جگە لەم ڕۆژە پشوو فەرمیانە هەیە، مافت هەیە کە خۆت هەموو ساڵێک دوو ڕۆژان بە پێی ڕۆژانی ئایینی خۆت دیاری بکەی و لە بەرنامەی سەرەتاییدا بەشدار نەبی و مووچەی بەرنامەکەش وەربگری. تۆ دەبێ بۆ ئەم مەبەستە لانیکەم ١٤ ڕۆژ بەر لەوەی کە دەتهەوێ پشوو وەربگری، شارەوانی ئاگادار بکەیتەوە.

**پشووی سەفەر (ferie)**

هەموو ساڵێک مافی ٢٥ ڕۆژ پشووی سەفەرت هەیە. ئەوە شارەوانیە کە بڕیار ئەدات پشووکەت کەی تەواو دەبێ. لە کاتی پشووی سەفەردا مافی وەرگرتنی مووچەت هەیە.